

## هەولێر لە عەنکاوە پیاسە دەکات

# گەنجەکانی هەولێر بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش روو لە عەنکاوە دەکەن


راپۆرتی لوقمان شێروانی

فۆتۆ : هێمن


● بێستون عەبدولڵا دەڵێ "کە دێمە عەنکاوە و چاوم بەو کچە جوان و ناسکانەی ئێرە دەکەوێ کەلە بەردەرگا دانیشتون، حەزدەکەم شەووڕۆژ لێرەبمێنمەوە" بێستون تەمەنی 21 ساڵە و لەرێگەی ئۆتۆمبێلی برادەرەکانی یان زۆرجار پێکەوە تەکسیەك دەگرن و دێنە ئەم گەڕەگە بۆ "پیاسەکردن و بەسەربردنی ساتێکی خۆش" .

عەنکاوە شارۆچکەیەکی دیار و ئاوەدانە، دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای شاری هەولێرەوە، وەك گەڕەکێکی هەولێر ناودەبرێت بەهۆی تێکەڵبوونی لەگەڵ فراوانبوونی شاری هەولێردا، زیاتر لە 90٪ی دانیشتوانی عەنکاوە سەربە ئاینی مەسیحین، حکومەت لەم ناوچەیەدا خزمەتگوزاریەکی بەرچاوی بۆ هاولاّتیانی ئەنجامداوە و بەشێکی بەرچاوی رێکخراو و شوێنە گشتیەکان لەو شارۆچکەیەدا بارەگای خۆیان داناوە، سەرەڕای ئەوەش لە عەنکاوە ژمارەیەکی زۆر لە یانە و بارِ و جێگەی حەوانەوە بەدیئەکرێت.

گەنجانی شاری هەولێر ئێرە بەشوێنێکی ئارام و دوور لە تەعلیق و ئازاد سەیردەکەن، رەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازیە کلتورییەی کەلە نێوان مەسیحیەکانی عەنکاوە و موسڵمانەکانی هەولێردا هەیە، بەم هۆیەوە گەنجەکان عەنکاوەیان کردۆتە جێژووان و پیاسەکانیان دەهێننە ئێرە.

(هەرێم عەلی ئەمین) تەمەن 22 ساڵ، خوێندکاری زانکۆیە و دانیشتوی گەڕەکی برایەتیە لە شاری هەولێر، ئەو دەڵێ "زۆرجار لەگەڵ هاوڕێکانمدا بە ئۆتۆمبێلەکەمانەوە بۆ پیاسە سەردانی عەنکاوە دەکەین" لەبارەی هەڵبژاردنی عەنکاوە بۆ پیاسە و هۆکاری

هاتنیان بۆ ئەو شوێنە هەرێم ووتی "کاتێك دێینە ئەم شوێنە هەست بە ئازادییەکی تەواو دەکەین و هەستدەکەین رزگاربووین لە دابونەریتی سەپاوی کۆمەڵگەکەی خۆمان"

هونەر ئەحمەد گەنجێکی تەمەن 23 ساڵە شۆفێری تەکسیە، هەفتانە چەند جارێك دەچێتە عەنکاوە بۆ "جەو وەرگرتن" نەك بۆ ئیشی تەکسی، هونەر ووتی "خۆم و چەند برادەرێکم دێینە عەنکاوە بۆ پیاسە، کاتێك سەردانی ئەم شوێنە ئازادە دەکەین چەند قوتویەك بیرە دەکرین و لەگەڵ هاورێیاندا سورانەوەیەك لێدەدەین، بەدەم رێوە بیرەکانمان دەخۆینەوە، جەوێکی وا خۆشی هەیە باسناکرێ"

لە شارۆچکەی عەنکاوەی زۆرینە مەسیحی، تارادەیەکی زۆر ئازادی بۆ پیاسەی کچان و کوران پێکەوە فەراهەم بووە، جیا لەهەر ناوچەیەکی تر لێرە پێکەوە گەرانی ئەوان لە هەموو شتێك ئاساییترە، بەشێك لە کچ و کورە عاشقەکانی ناو هەولێریش دێنە ئێرە بۆ پیاسەکردن، کاروان عوسمان حەکیم 24 ساڵە وخوێندکاری زانکۆیە، لەگەڵ کچێکی هاورێیدا (ش.ع.ف)دا بوو، کە بە وتەی خۆی "کەپلێەتی" ، خەریکی پیاسەبوون لە کۆلانەکانی شارۆچکەی عەنکاوەدا ، کاروان لەبارەی پیاسەی خۆیی و ش.ع.ف ەوە دەلێت "عەنکاوە باشترین شوێنە بۆ پیاسە و یەکتر بینینی عاشقان، چونکە لێرە خزم و کەسەکانمان نامانبینن و هیچ کاممان خزم و کەسمان نییە"

(ش.ع.ف)ش خۆشحاڵی خۆی دەربری کە شوێنێکی واهەیە لەگەڵ کاروانی خۆشەویستیدا پیاسە دەکەن ووتی "ئێمەی کچانی هەولێر ناتوانین زۆرکات بەئارەزووی خۆمان لەگەڵ دۆستەکانمان پیاسە بکەین، عەنکاوە شوێنێکی گونجاوە بۆمان و لێرە زۆر ئاساییە لایان"

پیاسە کردن لە عەنکاوە و گەران و مانەوەی شەوانە تیایدا، یەکێکە لەو بابەتە باوانەی کە زۆرێکی گەنجەکانی هەولێر تامەزرۆن بۆی، بەووتەی خۆیان چوونە عەنکاوە و دەعوەتی ئەوێ "پۆزی هەیە" لەوبارەوە هێمن جەلال مەناف 20 ساڵە و خوێندکاری ئامادەیی ئاماژەی بەوەدا "کاتێك شەوەکەی دەچمە عەنکاوە و پیاسە دەکەم، بۆ بەیانیەکەی هاورێکانم دەبینم و بە پۆزەوە شەوی رابردووی خۆمیان بۆ دەگێرمەوە "

سەبارەت بەوەی کە دانیشتوانی شارۆچکەکە تا چەند ئاگاداری پیاسە و گەران و مانەوەی شەوانەی گەنجانی هەولێرن لە شارۆچکەکەیاندا (میلاف یەعقوب گورگیس) کە کچێکی 25 ساڵەی فەرمانبەری مەسیحیە و دانیشتووی عەنکاوەیە، ووتی " دەزانین ئەو گەنجانە دێنە عەنکاوە، بە روخساریانەوە دیارە چەند تامەزرۆی ئازادیین، لە ژیانێکی نا ئاسوودەدا دەژین، بۆیە روودەکەنە شارۆچکەکەی ئێمە" ئەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پیاسە کردن و گەرانی کچ و کور پێکەوە لە نەریتیاندا زۆر ئاساییە و هاتنی گەنجەکانیشی بۆ ئەو شوێنەی ئەوان بە"حاڵەتێکی ئاساییی" دایە قەڵەم.

